


## کتێبی کوێستان:
# سەرکەوتنی بیر

# ـ ١٥ـ
# بنیاتنانی خەسڵەتە ئەخلاقیەکان

**ئەمە هەڵەیەکی باوە: هەرکەسێك کاتێ هزرێکی باشی دەکەوێتە سەر پێیوایە خۆشی وەکو هزری هەمان ئەو ساتە، کەسێکی باشە، ئەمە لە کاتێکدا کە هزرە باشەکان کە بێگومان خۆی لەخۆیدا بەهادارن بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی خەسڵەتە ئەخلاقیەکانی کەسەکە هاوڕانین و ئەم هزرانە تەواو لەو بڵقانە دەچن کە بە خێرایی دەکەونە سەر ئاوو نامێنن.**

نورمدار

و. ڕێباز مستەفا

سەیرە کە کچێکی گەنج ساڵەها هەموو ڕۆژێ چەند سەعات لەتەمەنی خۆیدا بۆ فێربوونی پیانۆلێدان یان مەشقێکی تری ئاواز تەرخاندەکا. کوڕێکی گەنج پانزە ساڵ لە کاتی خۆی بە خوێندن دەباتەسەر، هونەرمەندێك نیوەی تەمەنی هەوڵدەدا تا بتوانێ ببێتە نیگارکێش، یان پەیکەرتاشێکی بەرجەستە، نووسەرێك بۆ نووسینی کتێبێك ساڵەها زەحمەت دەکێشێ، بەڵام هیچ یەك لەمانە بە شێکی کەمی تەمەنی خۆیان بۆ کارێك کە بەختەوەری و ساخلەمی ئەوانی پێوە بەندە، واتە بۆ بنیاتنانی تایبەتمەندیە ڕۆحیەکانی خۆیان تەرخانناکەن.

بەراستی جێی داخە پیاوێك کە لە هەموو تەمەنی خۆیدا شەوو ڕۆژ بۆ کۆکردنەوەی پارەو سامان هەوڵدەدا، بەڵام ئامادە نابێ چەند خولێك بۆ وەدەستهێنانی گەنجینەیەکی پڕ بەها کە بریتیە لەهەمان ئەو تایبەتمەندیە ڕۆحیە ساخلەم و دروستو پڕ لە جموجووڵ و شادیبەخشانە تەرخانبکات.

پێمانوایە ئەو گەنجینەیە بەبێئەوەی هەوڵێکی بۆ بدەن و زەحمەتێکی لەپێناو دابکێشن و بەبێئەوەی بچوکترین خوێندنەوەو ڕاهێنانێك ئەنجامبدەن بەپێی خۆی دێتە بەردەستمان، کەچی لەڕاستیدا جگە لەچەند کەسێکی دەگمەن کە بەشێوەیەکی بۆماوەیی یا لەژێر کارتێکردنی دەوروبەر بەبێئەوەی خۆی بۆ ماندووبکەن بوونەتە خاوەنی، دەنا زۆربەی هەرە زۆرمان بۆ هەبوونی ئەو تایبەتمەندیە ڕۆحی و ئەخلاقیە باشانە، پێویستیمان بە ئیرادەیکی بەهێز و کارا هەیە.

(هێربێرت سپێنسەر ) دەڵێ: "ئەو کیمیایەی کە بتوانێ لەهەستێکی خراپ زێڕ دروستبکات بوونی نییە، بەڵام گۆڕینی هەستی خراپ بە هی باش ڕێی تێدەچێ.".

وەك چۆن لە ڕێی دەرزی دەکرێ ماوەیەکی پێویست لە ڕەگی درەختێك بکرێ و گیانێکی تازە وەبەر درەختەکە بهێنرێتەوە، بۆ مرۆڤیش بنیاتنانی خەسڵەت و تایبەتمەندی باشترە، ڕێی تێدەچێ. نەمامێك کە تازە سەر لە خاك دەردێنێ دەتوانین بەوپەڕی ساردیەوە بۆ هەر لایەك کە گەرەکمان بێ لاریبکەینەوەو وا بکەین بە هەمان حاڵەت گەشەبکا، جوانی ئەو درەختەی کە باڵای کردووە پەیوەستە بەوپەڕی پێراگەیشتن و خزمەتەی لەکاتی نەمامبوون و سەرەتای گەشەکردندا بۆمان ئەنجامداوە. بەهەمان شێوە بۆ ئەو دایکەیش کە دەیەوێ مناڵەکەی شێوەبیرکردنەوەو دیدگایەکی باشی هەبێ دەبێ هەر لە قۆناغی منداڵیدا لەگەڵ ئەو شێوەبیرکردنەوە باشەدا ئاشنابکرێ و بەو خەسڵەت و تایبەتمەندیە باشانە تەڵقین بدرێ و ئاراستەی دیدو

بۆچوونی ئەو منداڵە دیاریبکریٚو هزرو بیرکردنەوەی خراپی لیٚ دووربخریٚتەوە.

لەکۆندا بنەمای پەروەردەی منداڵ بریتی بوو لەوەی کە کەموکوریو کیٚماسیەکانی منداڵەکانی خۆیان ئاشکرادەکردو بەچاویان دادەدانەوە، دایكو باوك رۆژی سەدجار ئەو کەموکوریو کیٚماسیانەی منداڵەکانیان وەبیردەهیٚنانەوەو لەبەرئەوەی ئەو هۆشداریو بیرهیٚنانەوانە چەندینو چەندین جار دووپاتدەکرانەوە منداڵە بەدبەختەکە وایدەزانی کە ئەو کەمو کوریو کیٚماسیانە رەگو ریشەیان لە رۆحو ناخی ئەودا داکوتاوەو ئیدی هەوڵدان بۆ پیٚشکەوتنو دەربازبوون لەو کیٚماسیانە سوودی نییە. ئەو شیٚوە راهیٚنانو چاکسازیە رۆحیە وەکو ئەوە وایە کە مرۆڤ بە خۆسەرڤاڵکردن بە شکستەکان لە هەوڵی سەرکەوتنو پیٚشکەوتن دابیٚ.

بیرکردنەوەی بەردەوام لە کەمو کوریو کیٚماسیەکان، دەبیٚتە مایەی ئەوەی کە ئەو کەموکوریو کیٚماسیانە زیاتر رەگ دابکوتنو ئاڵۆزتربن، ئەگەر بۆ نەهیٚشتنی ئەو هەستو خوو و خەسڵەتە خراپانەی خۆمان هەوڵو کۆششیٚکی بەردەوام ئەنجامبدەین وردە وردەو پلە بە پلە دەتوانین ئەمانە بگۆرین بۆ هەستو خوو و خەسڵەتی باش. هەندیٚ لە خویٚندکارانی پزیشکی بینراون کە بە هۆی خویٚندنەوەی زۆرو لەرادەبەدەریان سەبارەت بە هەندیٚ لە نەخۆشیەکان ئەو نەخۆشیانەیان لە جەستەی خۆیاندا هەستپیٚکردووە.

هەروەها بۆ پەیگیریو دەستەبەرکردنی تایبەتمەندیە باشەکانیش نابیٚ بیر لە خەسڵەتە خراپەکان بکەینەوە، بەڵکو دەبیٚ بیرو هزرمان ئاراستەی هەمان ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندیە باشانە بکەین. بە تەڵقیندانی ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندیە باشانە لە ناخی خۆمانداو گەشەپیٚدانیان دەتوانین ئەنجامی زۆر باش بەدەستبیٚنین.

هەڵبژاردنیٚکی ووردی ئەو وشانەی کە پیٚویستە منداڵان بەکاریبیٚنن بۆ پەروەردەکردنی ئەوان بایەخیٚکی لەرادەبەدەری هەیە، چونکە تیٚگەیشتنو مانای ئەو وشانەی لە میٚشكو زەهنی ئەواندا جیٚگیردەبیٚ، دەبیٚ وشەگەلی وا لەسەر زمانی منداڵاندا جیٚگیربن کە باس لە شادی، ژیان، رووناکی، ئارامی، خۆشیو بەختەوەری بکەن. وشەگەلی ناحەزو دزیٚوو ناهاوسەنگ لەنیٚو قسەکردنو گفتوگۆکانیاندا بوونیان نەبیٚو ئەگەر هەشبوون وەلابنریٚنو بسریٚنەوە، چونکە ئەو وشانە بە تیٚپەربوونی کات هەستی نەشیاوو ناپەسند دەخزیٚننە ناو دڵو دەروونیانو تایبەتمەندیە ئەخلاقیەکانیان خراپو تیٚکدەدەنو جوانیەکانی ژیان ناشرینو لەکەدار دەکەن.

ئەمرۆ لەباخچەکانی ساوایان یاریو کایەی تایبەت بۆ منداڵان ریٚکدەخریٚن. ئامانجی ئەو یاریانە گەشەو پەرەپیٚدانی ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندیانەیە کە دەیانەویٚ لە منداڵاندا بەرجەستەبکریٚنو ئەنجامی باشیان لیٚبکەویٚتەوە.

یاریی دادگەریی، یاریی ئازایەتی، یاری دڵفراوانی، یاری ئەدەبو ئەو جۆرە یاریانە منداڵان دەکەنە خاوەنی تایبەتمەندیو خەسڵەتی ئەخلاقی بەرجەستەو کاریگەرییٚکی مەزن دادەنیٚنە سەر میٚشكو ناخیانەوە.

ئەو خیٚزانەی هەوڵدەدا هەستی بویٚری، ئەدەبو پەروەردە، یارمەتیدانی خەڵك، بەزەیی، ئابرومەندیو دروستکاری لەناخی منداڵدا بچیٚنیٚو بەو شتە باشە تەڵقینی بدا، ئەو ئامیٚزە گەرمەی خیٚزان بۆ ئەو منداڵە لە هەر خویٚندنگەیەك باشترە.

ئەو دابو رەوشتەی کە لەسالانی سەرەتاییدا منداڵانی پیٚ تەڵقین دەدریٚنو لەسەریان رادەهیٚندریٚن وردە وردە رەگ لەناخیاندا دادەکوتیٚ. ئەو منداڵەی کە لە خیٚزانیٚکی وەهادا پەروەردە دەبیٚ دەبیٚتە خاوەنی تایبەتمەندیو خەسڵەتگەلی ئەخلاقی ریٚكوپیٚك، باشو ساخلەمو کەسیٚکی چاكو خۆش خولقو دروستکاری لیٚدەردەچیٚ.




ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەستدەکریٚ لە تەمەنی منداڵیدا بە هیچ چەشنیٚك لەو منداڵانەدا بوونیان نییە، هەر لەو ساڵانەی سەرەتای قۆناغی منداڵیدا دەکریٚ لە ناخیاندا بچیٚنریٚنو زۆر بەباشی گەشەیانپیٚبدریٚ. تەڵقیندانیٚکی دروستو بەبەرنامە تەنانەت لە میٚرمنداڵیٚکیشدا دەتوانیٚ خەسڵەتگەلی بەرزو بەهیٚز دروستبکا. لەسایەی تەڵقیندانیٚکی بەردەوامی ئەو دابو رەوشتە باشانە بە منداڵان لە خانەکانی میٚشکیاندا بایەخدانیٚك بەرامبەر ئەو دابو رەوشتانە دروستدەبیٚو وردە وردە ئەو دابو رەوشتە باشە تەڵقیندراوانە بە شیٚوەیەکی سروشتی لەنیٚو میٚشکی ئەو منداڵانە جیٚی خۆی دەکاتەوە.

نموونەیەك دیٚنینەوە: تا ئەو کاتەی مەشقی پیٚویست لەسەر ئەنجامدانی هەر چوار کردارە سەرەکیەکانی بیرکاری نەکەین بۆ کۆکردنەوەی دوو ژمارەی سادەش دەبیٚ تاویٚك دابمیٚنین، بەڵام کە مەشقمان لەسەرکردنو خۆمان لەسەریان راهیٚنا ئەنجامی کۆکردنەوەی ئەو دوو ژمارەیە یەکسەر لە میٚشکماندا دەردەکەویٚو یەکسەر وەڵام دەدەینەوە. چونکە لەو حاڵەتەدا میٚشکمان راهاتووە بە شیٚوەیەکی خودکارانە ئەو ئەنجامانە بخاتەروو.

بەهەمان شیٚوە کاتیٚ بیرمان بەمەبەستی وەدەستهیٚنانی رەوشتو دابیٚکی باشی نویٚ خەریکی چالاکی دەبیٚ، لەسایەی ئەو مەشقەدا، ئەو دابو رەوشتە نوێیە لە میٚشکماندا رەگدادەکوتیٚو دەبیٚتە دیاردەو شتیٚکی ئاسایی.

تەردەستی، واتە دەرككردنی ئەوەی کە دەبیٚ چۆن هەر دە پەنجەکانت بەکاربیٚنی، کاریگەرییٚکی باشی لەسەر هزری مرۆڤدا هەیە، بەتایبەت لەهەندیٚ کەسدا، چالاکیو کاراکردنی دەست یارمەتیدەرە بۆ چاکترکردنی خەسڵەتو تایبەتمەندیە ئەخلاقیو رۆحیەکان. ئەو منداڵانەی کە لە بنەرەتدا خاوو خلیچو تەمبەڵو کەمتەر خەمن، دوای ئەوەی دەستیان بەکارکردو مەشقپیٚکردنی دەست عەلاقەو خۆشەویستیان بۆ خویٚندنو وانەکانیان زیاتر دەبیٚ.

هاندانی ئەو منداڵانەش کە هەستی پلەو پایەخوازیان هەیە بۆ گەیشتن بەو پلەو پایەو ئەو ئاواتەیان، یارمەتیدەردەبیٚ بۆ گەشەی میٚشكو توانا هزریەکانیان. هەندیٚ منداڵ هەن کە تا لە ماڵی خۆیانداو لەتەك خیٚزانەکەیاندا بەسەردەبەن هەر تەمبەڵو دەستوپیٚ سپی دەمیٚننەوە. گۆرینی ژینگەو ئەو شویٚنەی تیایدان کاریگەرییٚکی زۆر گرنگی لەسەر ئەو منداڵانەدا دەبیٚ، ئەگەر بە شویٚنیٚکی گرنگی بۆ نموونە وەك پانسیۆنیٚك بسپیٚردریٚن یاخود ناچاربکریٚن لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆیاندا بژینو خۆیان بەریٚوەببەن، بە تیٚپەربوونی کات خەسڵەتو تایبەتمەندیە ئەخلاقیەکانیان بەتەواوی دەگۆردریٚن.

دکتۆر شوفیلد بۆ بەخشینی خەسڵەتو رەوشتی ئەخلاقی بە منداڵ هەندیٚ ئامۆژگاری ئاراستەی دایکانو باوکان کردوون کە دەتوانین بەم شیٚوەیە چریان بکەینەوە:

دەبیٚ منداڵان بە ژیانیٚکی سادەو خووو رەوشتی چاك ئاشنابکریٚن، هزرو بیرکردنەوە خراپە ماددیو مۆراڵیەکان نابیٚ بخریٚنە میٚشکی منداڵەکانەوەو بە پیٚچەوانەوە بۆ ئەوەی بیرکردنەوەیەکی باش رەگ لەناخیان دابکوتیٚ، دەبیٚ زۆر گرنگی بەو کەسانە بدریٚ کە هاموشۆو تەماسیان لەگەڵدا هەنو بەوپەری وردیو وریاییەوە هەڵبژیٚردریٚن.



پێویستە هەوڵبدرێ لاسایی شتە باشەکان بکەنەوە، دەبێ چیرۆکی قارەمانیو حەماسیان بۆ بخوێننەوەو هان بدرێن کە وەکو ئەو قارەمانانە بنو دەبێ لەسەر راستیو دادگەری رابهێنرێنو پەروەردە بکرێن.

بۆ ئەوەی بە ئارامیەوە ئەو کێشەو گرفتە رۆژانەییانە چارەسەر بکەنو فەیلەسوفانە لە هەمبەر گیروگرفتەکاندا رابوەستن، دەبێ ئازایەتیو خۆراگریان وەك سەرمەشق فێربکرێو لەو بارەیەوە هیچ درێغی نەکرێ لە ئامۆژگاریکردنیان.

بۆ ئەوەی یەکێك لە ئارەزووەکانی منداڵ بەسەر هەموو ئارەزووەکانی تریدا زاڵنەبێو ئەو منداڵە بەتەواوی نەخاتە ژێر کۆنترۆڵو کاریگەریی خۆیەوە، پێویستە هێزی ئیرادەی ئەو منداڵە مکوموپتەو بکرێو کارێکی وا بکرێ کە ئەو خۆی بریار لە کارەکانی بداو ئەو بریارانەی بە ئەنجام بگەیەنێ. دەبێ ئاستی مۆراڵ ورەی ئەو منداڵە رۆژ بە رۆژ بەرزتر بکرێتەوەو تێبگەیەندرێ کە بەرامبەر بە خۆیو خەڵکانی ترو دواجار لەبەرامبەر خواوەنددا بەرپرسیارە.

ئەو پرەنسیپە نەك هەر بۆ منداڵ، بەڵکو بۆ گەنجانیش سوودمەندە، هەموو کەس پێویستە ئەو بیرو هزرە باشانە لەناخی خۆیدا جێگیربکا. زەهنی مرۆڤ لە ئەنجامی پەیرەوکردنی ئەو پرەنسیپەدا روونو بەرهەمدار دەبێو پراوپر دەبێ لە هزرو بیری سوودبەخشو ئەو هزرو بیرانە بە شێوەیەکی سروشتیو خودکار لەبوارەکانی کارو چالاکیو ژیانی رۆژانەیدا بەهانایەوە دەچنو یارمەتیدەری دەبن.

## - ١٦ -

# با خاڵە لاوازەکانمان لەناوبەرین

**چیت دەوێ؟ هەموو شتێك هی تۆیە. رێگاکان لەبەردەمتدا کراوەن. رووناکیی راستی بۆتۆ دەدرەوشێتەوە. کەوابوو مەوەستەو مەپرسە، بەئاسوودەیی بۆ پێشەوە برۆو کەسایەتی خۆت دەرخە.**

ژمارەی ئەو کەسانەی کە خاوەنی هاوسەنگییەکی تەواوبن زۆر کەمە. زۆربەی ئەو کەسانە لەکاتێکدا کە خاوەنی توانایەکی بەهێزو پەروەردەیەکی باشو ئاستێکی تەواوی خوێندەوارین، بۆ خستنەکاری تواناکانیان لەبواری کرداریدا "هەندێ شت" یان کەمە. نەبوونی ئەو شتانە کێشە لەبەردەم پێشکەوتنی ئەو کەسانە دروستدەکا، ژیانیان دەشێوێنێو زیان لەسەرجەم هەوڵو کۆششەکانیان دەدات. زۆربەی خەڵکی ئەو جۆرە خاڵە لاوازانەیان هەن کە دەبنە بەربەست لەبەردەم گەیشتنیان بە ئامانجەکانیان. ئەگەر سەیرکەینو ئاوا لێبگەرێین کە ئەو خاڵە لاوازانە وردە وردە گەورەببنو بیر لە چارەسەرکردنیان نەکەینەوە، گومانی تیا نییە زیانێکی زۆر لە ژیانو کەسێتی خۆمان دەدەین. ئایا جێی داخ نییە کە پیاوێکی گەورەو زەبەلاح، بەهۆی هەبوونی خاڵێکی لاوازەوە، بە کەسێکی بچوكو بێبایەخ سەیربکرێ؟ ئەگەر دایکانو باوکانو بەرپرسانی بواری پەروەردە، خاڵە لاوازەکانی منداڵ لە هەمان سالانی هەوەڵدا بدۆزنەوەو لەناویانبەرن، گەورەترین خزمەتیان بەو بوونەوەرە نوێیە کردووەو ئەویان بە درێژایی تەمەنی لەدەست ئاستەنگو ئارێشە ترسناکەکانی ژیان رزگارکردووە.

گەنجەکان بوونی خاڵی لاواز لە رۆحی خۆیاندا دەدەنە پاڵ بێشانسیو دەیانەوێ بەرپرسیەتیەکەی بخەنە ئەستۆی شێوەی کاسەی سەر یا فاکتەرە بۆماوەییەکان. لەئەنجامدا بەدرێژایی تەمەنیان باری گرانی ئەو خاڵە لاوازانە بەکۆڵ هەڵدەگرن. ئەمە لە کاتێکدا کە بیرو ئەندیشەیەکی دروستو ساخلەمو کەمێك هێزو گور بەسە بۆ ئەوەی ئەو خاڵە لاوازانە لەنێو بەرنو رۆحی خۆیان بەهێز بکەنەوە.

کاتێك کە لاوازیو کێماسیەك لەخۆتاندا بەدیدەکەن، ئیرادەی خۆتان ئاراستەی پێچەوانەی ئەو لاوازیو کێماسیە چرکەنەوە. ئەگەر مێشکتان ماوەیەکی زۆر بەو ئاراستەی پێچەوانەیە واتە بەرەو ئەو شتانەی کە ئارەزوویان دەکات هەنگاوبنێو چر بێتەوە لەسەریان، دەبینین دواجار بەو شتانە دەگات. بوونی سروشتی زادەی هزرێکی سورشتیە. بەڵام ئەگەر خاڵە لاوازەکان هەروا لێبگەرێیو بەمەشقو راهێنانی بیر هەوڵی بەهێزکردنیان نەدەی، چۆن چاوەرێی ئەوە دەکەیت کە لاوازیو کێماسیەکە لەنێوبەری؟

ئەو کەسەی بەردەوام بێجوولە لەیەك شوێندا بمێنێتەوەو تەنها قۆڵەکانی بجوولێنێ گومانی تیانییە کە ناتوانێ هەموو خاڵە لاوازەکانی جەستەی خۆی بەهێزبکا. مێشکیش بەو شێوەیە، کاتێ هەندێ لەبەشەکانی بەکارنەهێنران بێجولە دەمێننەوەو ژەنگ هەڵدێنن. کاتێك کە ئارەزووی شتێك دەکەیو بەوپەری ئامادەییو هێزو تواناتەوە بەدوایدا دەچیت، راستەوخۆ پێیدەگەیت.

ئەگەر ئازاو سەقامگیرانە بەدوای پاکیو بێگەردیدا بگەرێیت، دواجار دەبیتە کەسێکی پاكو بێگەرد. ئەگەر حەزت لە تەمبەڵیو مگێزخوازی

بوو سەرەنجام کەسێکی تەمبەڵ یا مگێزخوازت لێدەردەچێ. هەرگیز پێت وانەبێ کە بەدوای مگێزخوزازی‌و شەهوەتپەرستیدا وێڵبیت‌و لە هەمان کاتدا کەسێکی پاك‌و بێگەرد بمێنیتەوە.

کاتێك کە ئارەزووی ساغی‌و تەندروستی دەکەیت، باس لە تەندروستی بکەو بیر لە تەندروستی بکەرەوە، وەك چۆن پەیکەرسازێك کاتێ دەیەوێ پەیکەرێك دروستبکات لەنێو زەهن‌و مێشکی خۆیدا وێنەی دەکێشێ‌و ئەو وێنەیە لەبەردەکات، ئێوەش دەبێ بەردەوام ساغی‌و تەندروستی لە زەهنی خۆتاندا وێنابکەن تاکو سەرەنجام ساغی‌و تەندروستی لەخۆتاندا دێننەکایەوە.

ئایا دەتانەوێ لەژێر پاڵەپەستۆکانی هەژاریدا دەربازتانبێ؟ بیر لە خێر‌و بێر‌و گەشەو فراوانی بکەنەوەو بەهێزێکی تەواوەوە ئەو بیرە لە مێشکی خۆتاندا جێگیربکەن. وەك چۆن پشکوتنی خونچەو بوونی بەگوڵ شتێکی مسۆگەرە، دەربازبوونی ئێوەش لەژێرباری هەژاری‌و نەداریدا سەد لەسەد بەدیدێت. بۆ نموونە ئەگەر گرفتێکتان هەیەو هەموو شتێك لەدیدی ئێوەدا تاریك‌و تەڵخ دەنوێنێ لەماوەیەکی کەمدا دەتوانن خۆتان لەدەستی ئەو هەژاری‌و نەداریە دەربازبکەن.

چارەسەر ئەوەیە کە هزری خۆتان بەئاراستەی پێچەوانەی ئەو لایە بخەنەکار. یانی بیر لەو شتە خۆش‌و دەروشاوەو شادیبەخشانەی کە لەدنیادا هەن بکەنەوە. ئەگەر ئەوەتان کرد دوای ماوەیەکی کەم دەبینن خەم‌و پەژارە کەمتر رووتان تێدەکاو ئەگەر رووشێتێکردن یەکسەر لە زەهنی خۆتان دووریخەنەوە، وەك چۆن دزێك لەنێو ماڵی خۆتان راودەنێن‌و دووریدەخەنەوە ئەویش ئاوا لە مێشك‌و زەهنی خۆتان راونێن‌و دووریخەنەوە. ئەگەر تارماییەك هاتە نێو ژوورەکەتان ئایا رێدەدەن کە لەوێدا بمێنێتەوە؟ یەکسەر پەنجەرەی ژوورەکە دەکەنەوە تاکو رووناکی بێتە ژوورەوەو ئەو تارماییە شوێنەواری نەمێنێ.

ئەنجامدانی ئەو کارە شتێکی سەخت نییە، بەڵام تا زیاتر خۆتان بشڵەژێنن‌و ئەو ترس‌و لاوازیەی خۆتان زیاتر پەرەپێبدەن‌و رێگە بەوە بدەن کە هزری شکستهێنەر خۆی بخزێنێتە مێشکتانەوە، ئەوا بەدەستی خۆتان یارمەتی ئەو هزرەتان داوە. خووگرتن بە بینینی تارمایی‌و تاریکی، هەموو شتێکی ژیانتان تاریك‌و رەش دەکات‌و دەبێتە بەربەست لەبەردەم سەرکەوتنتان.

دەبێ لاوان فێربکرێن کە ئەوشتانەی دڵخوای خۆیانە بە مافێکی خۆرسکی خۆیانی بزانن‌و بەتواناو ئیرادەیەکی دروستەوە بەدوای بەدەستهێنانی ئەو تایبەتمەندی‌و شتگەلە دڵخوایانەی خۆیانەوە بن، ویستنی شتێك بەپێی ئیرادەو بریاری لێبڕاوانە بۆ وەدەستهێنانی ئەو شتە، دوو رازی گەورەی سەرکەوتنن.

لەپێداگری‌و دووپاتکردنەوەی ئارەزوو و ئامانجەکانتان بێبەروابن‌و باکتان نەبێ، داخوازیەکان خۆتان لەنێوچاوانی خۆتان بنووسن‌و بەهەموو کەسێك رابگەیەنن کە دەتانەوێ بەو ئارەزووانە بگەن. دوای ماوەیەکی کەم دەبینن کەوا چۆن مێشکتان وەکو موگناتیسێك ئێوە بەرەو ئامانجەکان کێشدەکات.

ئەگەر ئارەزووی هەبوونی تایبەتمەندیی باشی ئەخلاقیتان هەیە بە پێداگری‌و پایەدارییەوە خوازیاری بن. لەرێی ئەو پێداگری‌و پایەداریەدا مێشك‌و زەهنی خۆتان ئامادەی وەرگرتنی تایبەتمەندیە باشە ئەخلاقیەکان دەکەن‌و ئەو ئاکار‌و تایبەتمەندیەی کە گەرەکتانە بەدەستیدێنن.

هەموومان دەبینین کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکان، ئەو شتانەی کە گەرەکیانە دواجار بەجۆرێك لەجۆرەکان بەدەستیدێنن. رەنگە هەندێك لەو کەسانە لەو رووەوە بەتەواوی بەو ئارەزووەیان نەگەن، بەڵام گومانی تیا نییە کە لەپای خۆڕاگری‌و پێداگریانەوە لێی نزیك دەبنەوە. سەرکەوتن لە گەیشتن بە ئارەزووەکان پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە هێزی ئیرادەی ئێمەوە هەیە.



کەسانێکی زۆر هەن وا دەزانن لەلایەن خەڵکەوە مایەی گاڵتەپێکردنن‌و بەو خەیاڵانە ژیانی خۆیان تاڵ‌و تاریك دەکەن. هەندێکیش هەن بەو بیرکردنەوەیەی کە پێیانوایە فلانە خەسڵەتی خراپیان لە باوك‌و دایك، یان لە باپیرانەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە، دەست لەخۆ بەردەدەن‌و ئەو نیگەرانیانە دەبنە مایەی ئەوەی ئەو خەسڵەتە خراپانە لە زەهنیاندا فراوانتر‌و گەورەتر ببن، چونکە ئەگەر مێشك‌و زەهنتان ماوەیەکی درێژ لەگەڵ شتێکی دزێودا سەرگەرم بوو، گومانی ناوێ کە ئەو شتە دزێوە گەورەتر دەبێ‌و کاریگەریەکەشی زیاتر پەرەدەسێنێ.

ئەوانەی ئەو جۆرە خەیاڵاتانەیان هەیە، بەهۆی ئەو دزێویەی کە لە زەهنی خۆیاندا وێنایانکردووە، زۆر هەستیار دەبن ئەگەرچی باسی دزێوی ناکەن‌و نایانەوێ کەسی تریش باسیبکات، بەڵام مێشکیان هەمیشە بەخەریکبوون پێی ماندوو دەکەن‌و هەموو شتەکانی تریان بەلاوەکی‌و پلە دوو دادەنێن.

ئەمە لە کاتێکدا کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەو دزێویانە تەنها لە زەهنی ئەو کەسەدا هەیەو بوونێکی دەرەکی نییە یان لانی کەم لە راستیدا زۆر بچوك‌و بێ بایەخەو لە مێشکدا بەهۆی ئەو بایەخدانە زۆرەوە گەورە بووەو شێوەی راستەقینەی خۆی لەدەستداوە. چارەسەری ئەو گرفتە ئەوەیە کە بیروهزرمان بەتەواوی بخەینە ئاراستەی پێچەوانەی ئەو وەهمەو خۆمان دڵنیابکەینەوە کە ئەو کێماسییە هیچ چەشنە بایەخێکی نییەو ناتوانێ مایەی گاڵتەپێکردن بێ.

ئەگەر پێتوایە بوویت بەمایەی گاڵتەپێکردنی خەڵکی پێویستە بەخۆت بڵێی: "هیچ کەس ناتوانێ گاڵتە بەمن بکاو هەرگیز شتی وا لەگۆڕێ نییە. ئەمە وەهمێکی بێمانایە. خواوەندی مەزن مرۆڤی بۆ گاڵتەپێکردن دروستنەکردووە، ئەو کێماسی‌و دزێویانەی لە زەهنی خۆما دروستمکردوون، هیچ بوونێکی راستەقینەیان نییە"و بەمتەرزە کارێکی وابکە کە کاریگەریی ئەو وەهمە لەنێوببە، ئەوسا دەتوانی خۆت دڵنیاو پشتڕاست بکەیتەوە کە جیاوازییێکی زۆرت لەگەڵ کەسانی تردا نییەو شادی‌و خۆشەویستیی ژیان وەدەستدێنیەوە.

شەرمنی‌و کەمرووییی زۆربەی جار دەبێتە نەخۆشیەك. بەڵام ئەمە نەخۆشییێکی خەیاڵیەو بە پرەنسیپی گۆڕینی ئاراستەی بیر بەئاسانی چارەسەردەبێ. بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کە هەموو کەس ئاگای لەئێوە نییەو هەرکەسەو لەدنیادا بۆخۆی کار‌و گرفتاری خۆی هەیەو کاتی ئەوەی نییە خۆی بە ئێوەو دۆزینەوەی کەم‌و کوڕیەکانی ئێوەوە خەریکبکات، بەمشێوەیە دەتوانن خۆتان لەدەست ئەو نەخۆشیە رزگاربکەن.



# - ١٧ -

# جوانی چۆن وەدەستدێ؟

**هەرکارێکی دروستو هەر هزرێکی شایستە، جوانی بەروخساری مرۆڤ دەبەخشێ.**

**راسکین**

کچێك یان ژنێك هەر چەندە روخساری ناشرینیشی هەبێ ئەگەر رووخۆشو میهرەبان بوو لەبەرچاوی ئاشناکانیدا جوان دەنوێنێ. ئەوەندە بەسە کەسێك هزری جوانی، نەجوانیی رووکەش بەڵکو جوانیی ناخو رۆحی وەك خووێك لەمێشکدا هەبێ. ڕازو نهێنی جوانیی راستەقینە لە بوونی دڵێکی بە بەزەیی‌و مەیلداری بۆ شادی‌و خۆشەویستی دایە. مەیلداری بۆ شادی‌و خۆشویستن لە سیمای ژندا رەنگ دەداتەوەو جوانی پێدەبەخشێ, هەوڵدان بۆ هەبوونی تایبەتمەندیە باشە ئەخلاقیەکان، هەموو ژیان جواندەکات. چونکە روخساری دەرەکی مرۆڤ ئاوێنەی روخساری ناوەوەیەتی، چ روخسارو چ هەڵسوکەوتو جووڵەی مرۆڤ لەژێر کاریگەریی ئەو هزرانە دایە کە بەسەر ناخیدا زاڵو باڵادەستن، ئەگەر ئەو هەستانەی کە پەیوەستن بە جوانی، چاکەو خۆشەویستی لەدڵی ئێوەدا لە هەموو هەستەکانی تر باڵاترو لەپێشتربن، بچنە هەر جێیەك تۆوی نەرم‌و نیانی‌و پاکی بڵاودەکەنەوە، بەچەشنێك کە هیچ کەس تێبینی ناشرینی یا بۆ نموونە کەمئەندامی بوونی ئێوە ناکات. جوانی هەمە لایەنەو تەواو کە چەندین بەرامبەر لە جوانی روخسار گرنگترە، لەدەستی هەموو کەسێك دایە. هەندێ لە کچان بەهۆی کێماسییێك لە روخساریاندا کە ئەوان پێیان وایە ناشرینیکردوون ئەوەندە خەمباردەبن پێیەوە کە ئەو خەمباربوونە بەراستی ئەوان ناشریندەکا، ئەمە لە کاتێکدا کە نیوەی ئەوەی ئەوان وێنایان کردووە ناشرین نین. ئەگەر لەوبارەیەوە زۆر هەستیارو دڵناسك نەبن، رەنگە ئەوانی دی هەرتێبینی ئەو ناشرین بوونەیان نەکەن. ئەگەر خۆیان لەدەستی ئەو خەمباری‌و نیگەرانیە دەربازبکەن‌و حاڵەتو قیافەیەکی ئاسایی بەخۆوە بگرن دەتوانن بە هەوڵ‌و تێکۆشانی خۆیان ئەو کێماسیەی کە لە بارەی جوانیی رواڵەتی‌و رووکەشیانە هەیانە لە رێی شادمانی، رووخۆشی، میهرەبانی‌و دڵفراوانیەوە قەرەبووی دەکەنەوە.

کچێکی ناشرین‌و دەستو پێ سپیم دەناسی... ئەو کچە کاتێ تەمەنی شووکردنی نزیکبووەوە، ناشرینیەکەی هێند نائومێدی کردبوو کە تەنانەت بیری لە خۆکوژی دەکردەوە بەڵام خۆشبەختانە ئەو نائومێدیەی زۆر درێژەی نەکێشاو بریاریدا بۆ خۆدەربازکردن لەو حاڵەتە هەوڵێکی زۆر بدات. لەجیاتی خۆ دوورگرتن لە خەڵکی بە پێچەوانە بریاریدا خۆ لە هەموو ئاشناکانی نزیك بکاتەوەو بە کێشەو ئاریشەکانیان رابگاو تا لە دەستی دێ یارمەتی هەموو کەسێك بدات. تایبەتمەندیە باشەکانی ناخی خۆی ئەوەندە بە چاکی وەگەرخستن‌و سوودی لێوەرگرتن کە ئەو ناشرینیە رواڵەتیەی بەتەواوی قەرەبوو کردەوە. دەچووە هەرجێیەك‌و لەگەڵ هەر کەسێکی بێکەس‌و خەمگیندا رووبەرووببایەوە خۆی لێ نزیك دەکردەوەو یەکسەر دڵی ئەو کەسەی بۆلای خۆی رادەکیشا. بۆ ئەوەی نوکتەی خۆش‌و سەرگەرمکەر دەربڕێ‌و خۆشحاڵ‌و شاد بنوێنێ هەوڵیدا کە مێشکی خۆی بە هزری شادیبەخش‌و جوان زاخاوبداو رووخۆش‌و گەشبین بێ. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا زۆربەی ئەو گەنجانەی لێی دەسڵەمینەوەو خۆیان لێ بەدوور دەگرت لە دەوری کۆبوونەوەو بوون بە دۆستو هۆگری. بەمشێوەیە جگە لەوەی کە ئەو ناشرین بوونە مادیەی خۆی قەرەبوو کردەوە جوانیی رۆحیشی گەشایەوەو ئەو جوانیە رۆحیە کە بە بەراورد باشترو پڕ بەهاتر بوو لە جوانیی قیافەو رووکەشیانە تەنانەت لە ساڵانی پیریشدا هەر بەردەوام بوو. دەچووە هەر لایەك ئازایەتی‌و جۆش‌و خرۆشی بۆ ئەوانی دی دەگواستەوەو بەوە تەڵقینی دەدان‌و ئەوەندە دۆستو هاورێی هەبوون کە جوانترینی کچەکان بەخیلیان پێدەبرد.



# - ١٨ -

# هێزی خەیاڵ

**خەیاڵ.. پێشەنگو ئیلهامبەخشی هەموو شتێکە**

هەموومان لە گەشەو پێشکەوتنەکانی شارستانیەتدا قەرزاری خواوەندی خەیاڵین. ئەگەر ئەوەی بەچاو دەیبینین هەندێ کەس پێشتر بەر لە بینین لە خەیاڵدا نەیانبینیبا ئێستا وەك کێویەکان لەنێو ئەشکەوتو کووخەکاندا دەژیاین. ئەوانەی کە مەزنترین خزمەتیان بە مرۆڤایەتی کردووە، کەسانێکن کە شتگەلێکی باشتر لەوەی لە سەردەمەکەی خۆیاندا هەبووە لەنێو مێشك‌و زەهنیاندا خولاوەتەوەو دواتر هاتوونەتە سەر ئەوەی ئەو خەیاڵ‌و خولیایەی خۆیان بخەنە بەر تاقیکردنەوەو بیکەنە شتێکی راستەقینە. (مورس) لە خەیاڵی خۆیدا ئامێرێکی گەیاندنی وێنا کرد کە پێشکەوتووتر بێ لە پۆستەو نامەبەری. لە ئەنجامدا، تەلەگرافی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد، (گراهام بێل) کەوتە خەیاڵی داهێنانی ئامێرێکی پێشکەوتووتر لە تەلەگراف‌و دەزگای تەلەفۆنی دروست کرد. (فیلد)






لـه خەیـاڵی خۆیـدا ئامرازێکـی گەیاندنی دەریایـی وێنـا کرد کە پێشـکەوتووتر بـوو لە کەشتی‌و لە ژێر ڕۆشنایی ئـەو خەیاڵەی ئەوەوە بوو کە ئەمرۆکە کیشـوەرەکان بەهـۆی کێبڵـی دەریاییەوە پێکـەوە پەیوەسـتن. (مارکۆنـی) ئامێرێکـی پێشـکەوتووتری لـە هەمـوو ئامێرو ئامـرازە گەیاندنیەکانی تـری سـەردەمی خـۆی کەوتـە سـەرو تەلەگرافـی بێسـیمی داهێنـاو بەهـۆی ئـەو دەزگایەوە گەشـتیارێك دەیتوانی لەناوەراستی ئۆقیانووسەوە بـەو تەلەگرافـە بێسـیمیەی کە لـە کەشـتیەوە پەیوەندی بە شـوێنەکانی تـرەوە دەکرد لەو شـارەی کە بـۆی دەچوو ژوورێك لە هوتێلدا بۆخـۆی بەکرێ بگرێ‌و بەر لەوەی بگات ژوورەکەی بـۆ ئامادە کرابێ یان بـە برادەرەکەی رابگەیەنێ کـە لەبەندەردا چاورێـی بکات. دواجار رادیـۆ، تەلەفزیۆن‌و هەموو ئـەو ئامـێرو دەزگایانەی کـە دوای ئـەوە داهێنران لـە ئەنجامی ئـەو خەیاڵـەوە بوونە کە لە زەهنی کەسـێکدا خولاونەتـەوەو کەڵکەڵەیـان داوەو لـە ژێر ڕۆشـنایی هێزی ئیرادەو پێداگریەوە لە خەیاڵەوە بوونەتە شـتی راسـتەقینە.

پەیکەرسـازێکی نەناسـراوی یۆنانی، لە پەیکەری بەناوبانگی خـۆی بـە نـاوی (ڤینـۆس میلـۆ)دا نموونـەی جوانترین ژنـی لـە زەهنـی خۆیـدا هێنایەکایـەو وەك یادگارییێکـی نەمـر لـەدوای خـۆی بەجێیهێشـت. ئێسـتاش مرۆڤایەتی نەگەیشـتۆتە ئەوەی کە کەسـێکی ئاوا جـوان بوونی هەبێ، بـەڵام خەیـاڵی ئـەو پەیکەرسـازە هونەرمەنـدە بازدانێکی وای ئەنجـام داوە کـە گەیشـتۆتە ئـەو ئاسـتە لـە جوانی. (مایکڵ ئانجلۆ) لەو پەیکەرەی کە مووسا نیشان دەدا نموونەیەکی لە مرۆڤی پێگەیشتووی ئاییندە بە ئێمە نیشان داوەو مرۆڤایەتی سـوودێکی یەکجـار زۆری لـە هێـزی خەیاڵی ئـەو بینیوە.

شـاکارە نایابەکانـی مۆسـیقا زادەی خەیاڵی ئاهەنگسـازانی گەورەن لەسـایەی خەیـاڵی ئەو بازرگانانەیە کە دەیانویسـت کاڵای جیاجیـا لە یـەك دوکاندا کـۆ بکەنەوە، ئەمـرۆ ئەو سـۆپەرمارکێتە گەورانـە لە دنیادا دروسـتکراون کە هەموو پێداویستیەکانی ژیانیان تێدا دەست دەکەوێ. لەژێر ڕۆشنایی چەنـد مامۆسـتایەکەوە کە خەیـاڵی پێشـکەوتنی بێپایانی مرۆڤیان لەسەردابووە ئەمرۆ خاوەنی خوێندنگەو زانکۆکانین. لەهەر شـتێکەوە بیگری قـەرزاری خەیاڵین. ئەو کەسـانەی کـە لـەو هێـزە بێبەشـن تەنهـا ڕواڵەتی شـتە دیـارەکان دەبینـن‌و لـەوە زیاتر ناتوانـن بیربکەنەوە. بـەڵام ئەوانەی کە بـەردەوام پێشـدەکەون، ریفۆرم دەکەن، نوێـکاری دێننە ئـارا، لـە جێـی گالیسـکە ترەینی خـێراو لە بـری بەلەمە هەواییـەکان کەشـتیە کیشـوەر بـڕەکان دروسـت دەکـەن، هەموویان ئەو کەسـانەن کە زەهنیەتێکـی بەهێزیان هەیە.

بەرزترین شـاکاری هونەری زادەی خەیاڵی هونەرمەندەکانە. ئەوان هەمیشـە شـتێکی بەرزتریان لـەوەی هەیە لە زەهنی خـۆدا وێناکـردووەو ئاکارەکانـی خۆیان داهێنـاوە. بینینی شـتە دیـارەکان بەهەمان شـکڵ‌و شـێوەی کە هـەن کارێکی ئاسـانەو تەنها کاری چاوە، بەڵام بینینی ئەو شتانە بە شێوەو شێوازی پێشکەوتووترو بەرزتر لەوەی کە دیارن‌و کردنی ئەو خەیاڵانە بە شتی راستەقینە کاری زەهن‌و وێناکردنێکی قووڵە.

ئەوانەی کە هزرێکی ساکاریان هەیەو رووکەشانە لە شتەکان دەروانن، ئەو جۆرە کەسـانە بە کەسـانی خەیاڵاوی دەزانن‌و گاڵتەیان پێدەکەن، ئەمە لە کاتێکدا کە گەورەترین داهێنانەکان لە مێشـکی ئەو بەناو خەیاڵاویانە هەڵقوڵاون‌و بەدی هاتوون. هەمان ئەو بەناو خەیاڵاویانە کێشەو ئاستەنگەکانی مرۆڤیان چارەسـەر کـردووە. ئێمەیان بـەرەو ئاسـتێکی بەرزتر لە پێداویسـتیە ماددیەکانمان پێش خسـتووەو لەدەستی کێشەو گرفتەکان رزگاریان کردووین. کەمن ئەو کەسـانەی کە ئەوە دەزانـن دنیای ئەمرۆ زۆر قەرزاری ئەو بەناو خەیاڵاویانەیە.

کەسـانێکی زۆر هەن لەبەر ئەوەی لەخەیاڵی خۆیاندا، خۆیان زۆر بـە ئەرزشـتر دەزانن لـەوەی ئەوانی تـر وایاندادەنێن، ئەوانـە دەبنـە خـاوەن تایبەتمەنـدو خەسـڵەتی بـەرزی ئەخلاقـی‌و بە پلەو پایەی بەرزیش دەگـەن. دایکان‌و باوکان لەبـەر ئـەوەی پێیان وایـە دەبـێ منداڵەکانیان لـە خۆیان بەختەوەرتـر بن بـە شـێوەیەکی زۆر باشـتر پەروەردەیان دەکـەن‌و لەخۆیـان باشـترو رێـك‌و پێکـتر دەردەچـن.

نەوەکانی داهاتوو باشتر تێدەگەن کە هێزی خەیاڵ چ رۆڵێکی گرنـگ لـە پێشـکەوتنی مرۆڤـدا دەبینـێ‌و چ یارمەتییێکی گـەورە بە رەوتـی سـاخلەمی‌و بەختەوەری مـرۆڤ دەکات.

ئـەو خەیاڵانـەی خۆیـان دەخزێننـە زەهنمانـەوە بـۆ فریودانـی ئێمـە نایەن بەڵکو بـۆ ئەوە دێن کە شـێوەیەکی راسـتەقینەو کـرداری بەخـۆوە بگـرن. ئـەو خەیاڵانـە شـتێك نـین جگـە لـە گەڵاڵـە نامـە سـەرەتاییەکانی راسـتیەکان‌و تەنها بـۆ ئەوە دێنـە نێو هـزرو زەهنمان کە بۆ پێشـەوەمان بـەرن‌و بمانگەیەنـن بە جیهانێکی باشـتر.

هێزی خەیاڵ تەنها بریتـی نییە لە گریمانەیەکی بێ بنەما، بەڵکـو ئیلهامێکـی راسـتەقینەیە. هـزرو تێروانینی مەزن‌و گریمانـەی بەهێز، یەکەمجـار لە زەهندا سـەرچاوە دەگرن‌و دەردەکـەون‌و پاشـان بەهـەوڵ‌و بەدواداچـوون‌و پێداگری دەبنە کایەی راسـتەقینە. زەهنی زۆربەی کەسـەکان ئەگەر بە ئاراسـتەیەکی سوودمەندانە رێنوێنی بکرێ، بەختەوەریی ئاییندە دەستەبەر دەکات. بەڵام ئەگەر بەرەو شتە خراپەکان ئاراسـتە بکـرێ بەدبەختـی‌و نەهامەتـی لێدەکەوێتـەوەو هەمـوو هیواو ئارەزووەکان لە نێو دەبـاو دەیانپووکێنێتەوە. بۆیـە دەبێ زەهنـی منداڵەکانتان بە شـێوەیەك زاخاو دەن‌و بەجۆرێـك پەروەردەیـان کەن کە رووی تەنهـا بەرەو پاکی‌و شـکۆو فیداکاری بێت. ئەو جۆرە پەروەردەکردنە رەنگە زۆر لەو سامانەی کە بە میرات بۆیان بەجێدەهێڵی زیاتر بۆ ئەوان سوودمەند تر بێ.